**بەیانی ژمارە ( 4 )ی ساڵی 2014**

**بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (17) بڕگە (2) لە یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (5)ی ساڵی 2010 وە بڕیارماندا بە :-**

**- هەڵوەشاندنەوەی ئەو دوو فەرمانگەیەی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری کە لە خوارەوە ناویان هاتووە لە ڕێکەوتی (2014/12/31)**

**1-بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی /2 هەولێر**

**2-بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی /3 سلێمانی**

**ڕێباز محمد حملان**

**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار**

**ژمارە:** 14681 **لە** 2014/11/4

**بەیان**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمادراوە لە ماددەی (10) لە برگەی (1و2) لە یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەکان ژمارە (6)ی (ساڵی 1993)ی هەموارکراو وە لەبەر بەرژەوەندی گشتی وە گەیشتنی ژمارەی دانیشتوانی شارۆچکەی سەنگەسەر لە سنوری پارێزگای سلێمانی بۆ (23103) کەس بڕیارماندا بە :-**

**1- گۆرینی پلەی شارەوانی سەنگەسەر لە پلە (3) بۆ پلە (2) .**

**2- ئەم بڕیارە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی رەسمیدا جێ بە جێ دەکرێت .**

**نەورۆز مەولوود محەمەد ئەمین**

**وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار**

---

**وەزارەتی تەندروستی**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم/ برگەی دووەم) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (15)ی ساڵی 2007 ، بریارماندا بە :-**

**بەیانی ژمارە ( 111 ) ساڵی 2014**

- کردنەوەی (بەشی پزیشکی فریاکەوتن) لە نەخۆشخانەی ئازادی فێرکاری سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆك .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونی رێکەوتی **2014/10/22** .

**بەیانی ژمارە** ( 112 ) **ساڵی** 2014

- کردنەوەی (بنکەی تەندروستی بێستان سوور ) و ( بنکەی تەندروستی دار بەڕولە) لە ناحیەی تانجەرۆ سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونی رێکەوتی **2014/10/22** .

**بەیانی ژمارە** ( 113 ) **ساڵی** 2014

- گۆرینی ( هۆلی منداڵبوون ) بۆ ( هۆبەی فریاکەوتنی خێرا ) لە مەڵبەندی تەندروستی شەهید رێباز سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونی رێکەوتی **2014/10/22** .

**د.رێکەوت حمە رشید کریم**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم/ برگەی دووەم) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (**15**)ی ساڵی **2007** ، بریارماندا بە :-

**بەیانی ژمارە** ( 114 ) **ساڵی** 2014

- کردنەوەی ( بەشی قەستەرەی دڵ ) لە نەخۆشخانەی ئاشتی لە سۆران سەربە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونی رێکەوتی **2014/10/27** .

**بەیانی ژمارە** ( 115 ) **ساڵی** 2014

- کردنەوەی (بنکەی تەندروستی لەم کەمپانەی خوارەوە) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر
- بنکەی تەندروستی کەمپی **1**- بەحرکە **2**- قوشتەپە **3**- کەورگۆسك **4**- باسرمە **5**- دارەشەکران.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونی رێکەوتی **2014/10/28** .

**بەیانی ژمارە** ( 116 ) **ساڵی**

- گۆرینی ناوی (بنکەی تەندروستی قولەرەیسی) بۆ (مەڵبەندی تەندروستی قولەرەیسی) لە ناو شاری سلێمانی سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونی رێکەوتی **2014/11/2** .

**بەیانی ژمارە ( 117 ) ساڵی**

- کردنەوەی (بنکەی تەندروستی ئاوارەکانی ناوخۆ) لە شارۆچکەی عەربەتی خوارووی سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونی رێکەوتی **2014/11/2** .

**بەیانی ژمارە ( 118 ) ساڵی**

- گۆرینی ناوی ( نەخۆشخانەی منداڵبوونی فێرکاری ) بۆ ( نەخۆشخانەی منداڵبوونی فریاکەوتنی فێرکاری ) سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونی رێکەوتی **2014/11/2** .

**بەیانی ژمارە ( 119 ) ساڵی**

- کردنەوەی ( بنکەی تەندروستی بۆ کۆمەڵگای نوی کۆگاکان ) لە بەرێوەبەرایەتی تەندروستی خەبات سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونی رێکەوتی **2014/11/2** .

**د.رێکەوت حمە رشید کریم**
**وەزیری تەندروستی**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**إقليم كوردستان – العراق**
**رئاسة الاقليم**
**الرئيس**

**باسم الشعب**

**قرار رقم ( 15 ) لسنة 2014**

وفقاً للصلاحيات الممنوحة لنا في الفقرة الأولى من المادة العاشرة لقانون رئاسة إقليم كوردستان – العراق رقم (1) لسنة 2005 قررنا اصدار القرار الذى اصدره برلمان كوردستان – العراق في جلسته المرقمة (3) في 2014/9/30 تحت رقم (23) لسنة 2014 :

**قرار رقم ( 23 ) لسنة 2014**